# تورك، قوبرس و باشووری كوردستان

كاوه ئه‌مین
kawaamin@yahoo. se

ساڵی 1974 ده‌وڵه‌تی تورك به‌شێكی دورگه‌ی قوبرسی داگیركرد و ئه‌وه 28 ساڵ به‌سه‌ر ئه‌و داگیركارییه‌دا تێ ده‌په‌ڕێت و كێشه‌كه هه‌ر به هه‌ڵواسراووی ماوه‌ته‌وه. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه قوبرس ده‌وڵه‌تی یۆنانی له پشته‌و، هه‌موو وڵاته ئه‌وروپیه‌كان پشتیوانیان لێده‌كه‌ن، سه‌ره‌ڕای هه‌موو ئه‌مانه توركیا درێژه به‌داگیركاریه‌كانی خۆی ده‌دات. ئه‌گه‌ر به‌راوردی باشووری كوردستان بكه‌ین له‌گه‌ڵ قوبرس كه توركیا له هه‌وڵی داگیركردنیدایه، هاوكێشه‌یه‌كی لاسه‌نگه و حه‌لكردنی ئاسته‌مه.

به پێچه‌وانه‌ی قوبرسه‌وه، باشووری كوردستان له لایه‌ن هیچ ده‌وڵه‌تێكی بیانییه‌وه دانی پیانه‌نراوه و خاوه‌نی ئه‌و پشتیوانییه نێونه‌ته‌وه‌ییه نییه كه قوبرس هه‌یه‌تی و پاڵێوراوه بۆ ئه‌ندامبوون له یه‌كیه‌تی ئه‌وروپادا. باشووری كوردستان خاوه‌نی سیاسه‌تێكی یه‌كگرتوو و یه‌ك نوێنه‌رایه‌تی نییه، ئه‌مه جگه له گه‌له كۆمه‌ی وڵاتانی داگیركه‌ری به‌شه‌كانی تری كوردستان و سه‌رباری هه‌موو ئه‌مانه‌ش هه‌ڕه‌شه‌كانی ناوخۆ، وه‌كو به‌ره‌ی توركمانی و هه‌ندێك لایه‌نی ئیسلامی، نه‌بوونی پلاتفۆرمێكی نه‌ته‌وه‌یی به‌هێز كه بتوانێت هه‌موو ده‌نگه‌كان بۆ به‌رژه‌وه‌ندی گه‌لی كورد له‌ده‌وری خۆیی كۆبكاته‌وه.

ده‌وڵه‌تی تورك كه هاوپه‌یمانێكی ستراتیجی ئه‌مریكا و وڵاتانی تری ناتۆیه، داشی سواره به‌سه‌ر كورددا، ده‌توانێت گه‌لێك كارتی نێونه‌ته‌وه‌یی و هه‌رێمی به‌دژی كورد به‌كار بهێنێ. دانیشتنه یه‌ك له‌دوای یه‌كه‌كانی پارتی و یه‌كیه‌تی و به‌ره‌ی توركمانی كه دان نانێت به هیچ كام له‌حكومه‌ته‌كانی سلێمانی و هه‌ولێر، جێگایی نیگه‌رانیین. له كاتێكدا كه سه‌نعان ئاغا له‌سه‌ر مێزیی گفتووگۆ له‌گه‌ڵ ئه‌و سێ لایه‌نه واته توركیا و پارتی و یه‌كیه‌تی و هه‌ندێك جار ئه‌مریكاشدا، داده‌نیشێت، هه‌مان كات ده‌سته‌یه‌كی تیرۆرستی سه‌ربه به‌ره‌ی ناوبراو له لایه‌ن ئاسایشی هه‌ولێره‌وه ده‌ستگیركراون، كه خه‌ریكی پلان گێران و ئاژاوه نانه‌وه و تۆقاندن خه‌ڵكی سڤیلی كوردن. سه‌ره‌ڕایی ئه‌مانه‌ش وه‌فدی كوردی درێژه به دانیشتن و گفتووگۆكانیان ده‌ده‌ن و هیچ ده‌نگێكی ناڕه‌زای به‌رز نابێته‌وه. توركیا له لایه‌كه‌وه له ڕێگایی فشارهێنانی بۆ كورد ده‌یه‌وێت چۆك به‌كورد دابدات و ڕازیان بكات به هاتنی سوپاكه‌ی بۆ باشوور و له لایه‌كی تره‌وه له ڕێگایی به‌ره‌ی توركمانیه‌وه ده‌یه‌وێت جێگا پێی خۆی بكاته‌وه و پێ ده‌چێت له هه‌ردوو پلانه‌كه‌یدا سه‌ركه‌وتوو بێت. له‌ساڵی ڕابردوودا گه‌لێك جار گوێبیستی ناڕه‌زاییه توندەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان ده‌بووین به‌رانبه‌ر هاتنی توركیا، به‌تایبه‌تی ئاخافتنه‌كانی كاك مه‌سعود بارزانی. گه‌لێك كه‌س له‌و باوه‌ڕه‌دایه و چاوه‌ڕوانی ئه‌وه له كاك مه‌سعود بارزانی ده‌كات كه هه‌ڵوێستێكی توند به‌رانبه‌ر توركیا نیشان بدات، ته‌نانه‌ت به به‌رپه‌رچدانه‌وه‌یی سه‌ربازیانه. جارێك ڕۆژنامه‌نووسێك لێی پرسی بوو كه ده‌ته‌وێت ببیته سه‌رۆك كۆماری عێراق، له وه‌ڵامدا وتبووی نه‌خێر من حه‌زده‌كه‌م هه‌ر پێشمه‌رگه‌كه‌ی جاران بم. ئێستاش كه تورك شمشێریان له كورد هه‌ڵكێشاوه، چاوه‌ڕوانی له مه‌سعود بارزانی ده‌كرێت، به‌دژیی ئه‌م سه‌ر شۆڕییه‌ی كه به‌هاتنی تورك بۆ باشووری كوردستان ڕووبه‌ڕوی هه‌موو كورد ده‌بێه‌ته‌وه، بووه‌ستێته‌وه. نابێت كه‌س له بیری بچێت كه تورك، شێخ عبدوولسه‌لامی بارزانی و سه‌یید ڕه‌زا و شێخ سه‌عید و گه‌لێكی تریشیان هه‌ڵواسیی، پێ ده‌چێت ئه‌م جاره تورك ئه‌و شه‌ره‌فه نه‌دا به كه‌س به‌ڵكو وه‌كو چه‌كدارێكی زه‌لیل و ڕیسوا له سه‌ركرده‌كان بخورێ، ئه‌گه‌ر كورد له خه‌وی خه‌فڵه‌ت زه‌ده‌ی به ئاگا نه‌یه‌نه‌وه.

## تێبینی كوردستان نێت:

مه‌رج نیه ئه‌م نووسینه له‌گه‌ڵ بیرو بۆ چونی نه‌ته‌وایه‌تیماندا بێت، كه بۆچونی (كوردستان نێت)ه، به‌ڵام به‌هۆی بروا بوونمان به ئازادی ده‌ربرینه‌وه، بڵاویده‌كه‌ینه‌وه..... له‌گه‌ڵ ڕێز و خۆشه‌ویستیماندا بۆ پارێزه‌رانی بیری نه‌ته‌وایه‌تی و خه‌باتكارانی ئه‌م ڕێگه‌یه.
ئه‌م تێبینیه له ژێر هه‌موو نووسینێكدا ده‌نووسرێت.......... 2003-1-15